ژمارەی 56

کرێکارانی جیهان یەکگرن !

# ڕێگای گەل

Xermanan خەرمانان ١٣٩٠
Aug - Sep 2011

ئورگانی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست



## لەم ژمارەیەدا .......

سالی تازەی خوێندن و ئەرکەکانی قوتابیانی پێشرەو و شۆرشگێر لاپەرەی 2

سیاسەتی ئیمپریالیزمی جیهانی لە بەرانبەر ڕووداوەکانی ناوچەکە و رژیمە دیکتاتوریەکان ! لاپەرەی 3

پارتی کرێکارانی کوردستان ( pkk ) و پەیوەندی ئەو بە داخوازیەکانی گەلی کورد لاپەرەی 4

ڕاپۆرتێك لە ((تەبریز)) لە بارەی دەریاچەی ئورمیە و تەعسیراتی وشك بوونی بە سەر ژیانی خەلکدا لاپەرەی 8

خـــاوەران یادگاری هەزاران ئەستێرەی بە خوێن خەوتو لاپەرەی 10

چ ئامانجێك و بۆ چی ؟ لاپەرەی 13

11ی سپتمبەر , بەلگەی خیانەت و جنایەتی ئیمپریالیسمی ئەمریکا لە شیلی لاپەرەی 14

بە یادی سەمەد ماموستای
سووری ژیان !

کار , خانوو , ئازادی , کۆماری فیدراتیوی شوورایی !

# ساڵی تازەی خوێندن و ئەرکەکانی قوتابیانی پێشرەو و شۆڕشگێر



یەکەمی مانگی ڕەزبەر , ساڵی تازەی خوێندن دەس پێ دەکات و بۆ جارێکی تر ملیونەها کەس لە منداڵانی کرێکاران و زەحمەتکێشان دەچنە قوتابخانەکان بە هیوای فێر بوون و پەروەردە بوون و بۆ بەدەس هێنانی زانست دا . هەر چەند لە وڵاتی ئێمەدا زۆر ساڵە کە کوسپ و گی رو گرفتی زۆر خراوەتە بەر ڕێگای گەیشتن بە زانست و فێر بوونی دەسکەوتەکانی ئەودا و قوتابیان و خوێندکارانی زانکوەکانی وڵاتی ئێمە لە هەمان یەکەم هەنگاوەکاندا تووشی کوسپ و گرفتی زۆری پێک هاتوو لە لایەن دەسەڵاتی کۆنەپەرەستی سەدەکانی ناوەراست بە ناوی کۆماری ئیسلامی دەبن . دواکەوتوویی مەزهەبی دەسەڵاتدار , سێبەری نگریسی خۆیدا بە سەر هەموو قوتابخانەکان ڕاکیشاوە و تێ دەکۆشێ بۆ پاراستنی سیستەمی ستەم کارانەی خۆی نەزانی و خورافە بە هەر شێوەیێک کە بووە لە ڕێگای پووچەڵ کردنی دەسکەوتەکانی مێژووی مرۆڤایەتی و شاردنەوەی ڕاستیەکان , مێشک و بیری هێزی لاو و داهاتوو سازی کۆمەڵگای ئێمە بشواتەوە . بە لێکولینەوەی بیر و ڕا و داسەپاندنی خەفەخان و ترس و تۆقاندن و سەدان پیلانی دژی ئینسانی وەک پەرەپێدانی بێ بەند و باری و موخەدیرات و . . . لە شوێنەکانی پەروەردە و فێر بوون ڕێگای بوژانەوەی توانایی و لێهاتوویی و گەشە کردنی توانای داهێنەرانە ڕیگر دەبێ و تێ دەکۆشێ بۆ بەرەو پێش بردنەوەی سیاسەتەکانی دواکەوتووانەی خۆی لە هێزی مەزنی قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆکان کەڵک وەر بگرێ . لە کاتی شەری ناعادلانە و دواکەوتووانەی دەوڵەتانی عێراق و ئێران ئەمە قوتابخانەکان و زانکۆکان بوون کە بوونە یەکێک لە ناوەندەکانی گرێنگ بۆ دابین کردنی هێزی شەڕکەر بۆ کۆماری ئیسلامی و بەردەوام بوون لە سەر شەری دواکەوتووانەی هەیە . ئێستا بۆ سەرکردەکانی ڕێژیم , بە دوای پەرەساندنی خەباتی قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆ پاش پووشپەڕی ساڵی 1378 ەوە تاکو ئێستا و بە تایبەتی ڕاپەرینی خوێندکارانی زانکۆ , دوو بەرەکی خستنەوە لە ناو ریزەکانی قوتابیان و خوێندکاران و کردنی هندێکیان بە گورزی دەستی خۆیان بۆ سەرکوتی جووڵانەوەی هاو چارەنووسانی خۆیان لە ناوەندەکانی پەروەردە و فێربوون لە هەر شتێکی تر گرێنگترە و بە تەواوی جێگای پەروەردە و فێربوونی گرتووتەوە .قوتابیان و خوێندکارانی خەباتگێر , ئێوە و ملیونەها کەسی تر لە لاوانی ئێمە لە حالێکدا دەچنە ناوەندەکانی فێربوون کە ملیونەها کەسی تر لە هاوچارەنووسانی ئێوە بە هۆی کەم بوونی ڕادەی ناوەندەکانی فێربوون , بێ خانوویی , هەژاری و هەزینەی قۆرسی خوێندن ناتوانن بخوێنن و لەم

دەسەڵاتداران بوون کە بوونە تۆپی ڕێژیم . سەرکردەکانی بۆ ڕاکێشانی هێزی لاوی لای سەرکوتگەر,

و هەر قوتابیان گۆشتی دەمی هەوڵ و تەقەڵای جنایەتکاری ڕێژیم هەر چی زۆرتری کۆمەڵگا بەرەو ئورگانەکانی هەروا درێژەی

مافە بێ بەشن . هەل و مەرجی زۆر سەخت و دژواری ژیان , بارودۆخی زۆر نالەباری زۆرینەی کۆمەڵگا و نەبوونی هەر جۆرە ئیمکانیاتی سەرەتایی ژیان , بەشێکی گرێنگ لە هێزی لاوی کۆمەڵگای ئێمەی لە پەروەردە و فێربوونی سەرەتائیش بێ بەش کردووە . زۆر لاو و تازە لاوی وڵاتی ئێمە لە بەر دابین کردنی لانی کەمی هەزینەی ژیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان مەجبوورن کاری سەخت و تاقەت پڕۆکێن بکەن و ئارەزوی خوێندن و قەڵەم و دەفتەر و قوتابخانە بە تەحموول کردنی رەنج و کار و چەوساندنەوە لە گەڵ خۆیان بە گۆر ببەن. ئەرکی قوتابیان و خوێندکارانی پێشرەو و شۆرشگێری زانکۆکان و ناوەندەکانی خوێندنە کە جووڵانەوەی نارەزایی قوتابیان و خوێندکاران زانکۆکان پەیوەند بدەنە بزووتنەوەی چینی کریکار و کۆمەڵانی زەحمەتکێش بە مەبەستی ڕووخاندنی تەواوەتی ڕێژیمی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی و بزووتنەوەی قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆ بکەن بە پشتیوانی بە هێزی خەباتی کۆمەڵانی خەڵک . لە هەر ناوەندێکی خوێندن و پەروەردە و فێربوون بە ڕێکخستنی پێکهات و دامەزراوە سەربەخۆکان وەک کومیتەکانی قوتابخانە و زانکۆ , خەباتەکانی شوێنەکانی کار و چالاکی خۆیان ڕێک بخەن و لە هێڵێکی دیاریکراو بەرەو پێشی بەرن . ڕۆڵی پیشرەوی خۆیان بە کار بهێنن تاکو بە شکاندنی کەش و هەوای ترس و تۆقاندن بە سەر قوتابخانەکان و زانکۆکان زەمینەی گەشە کردن و بەرز بوونەوەی ئاستی تێگەیشتن لە قوتابخانەکان و زانکۆکان خۆشتر بکەن و ئەرکی ڕێکخستنی هەر چی بەربڵاوتری خەبات دژی کۆماری ئیسلامی لە ناوەندەکانی پەروەردە و فیربوون هەر چی بە هێزتر بە ئەنجام بگەیێنن .

**لە یاسای ئەساسی کۆماری فیدراتیوی شوورایی ئیڕان**

**بەمەبەستی دابین کردن و تەزمینی بردنە سەرەوەی ئاستی زانستی کرێکاران و زەحمەتکێشان، لاوان، ملکایەتی تایبەتی و ئەو پەیوەندی و رێ و رەسمانەی کە لەو سەرچاوەی گرتووە، لەسەر سیستەمی فێرکردن و پەروەردە لادەچێ و لەگەڵ ئاڵ و گۆرێکی بنەڕەتی لەسیستەمی فێرکردنی وڵات لەسەر ئەساسی ئاخرین دەستکەوتەکانی زانستی و تەکنیکی لەبواری فێرکردن و پەروەردە، ئیمکاناتی خوێندنی هەمە لایەنەو بەخۆرایی بۆ هەموو هاوۆڵاتیان دابین دەکرێت.**

# سیاسەتی ئیمپریالیزمی جیهانی لە بەرانبەر رووداوەکانی ناوچەکە و رژیمە دیکتاتوریەکان !

سیاسەتی ئیمپریالیزمی جیهانی لە بەرانبەر رووداوەکانی ناوچەکە , لە سەرەتای دەسپێکردنی جوولانەوە و نارەزایەتیەکانی خەڵکی بە باشی نیشاندەری ئەم راستیەیە کە ولاتانی ئەمریکا و ئوروپا هەمیشە بە دوای پاراستنی قازانجەکانی ئابووری خۆیان لە ناوچەکە بوون و بەرز کردنەوەی دروشمی مافی مرۆڤ و مرۆڤ دوستی لە لایەن ئەوانەوە تەنیا ئەوکاتەی بە کار دێت کە دابین کەری قازانجە گەورەکانی ئابووری ئەوان بێت . کاتێک ئەوان لە بەرانبەر دیکتاورەکانی سەر بە خۆدی ئەوان جیددی عەمەل دەکەن و ریزبەندی دەکەن کە دڵنیا بن هێزی جێنشینی دیکتاتوری پیشوو قازانجەکانی ئابووری ئەوان بە تەواوی وەک رابردوو و تەنانەت باشتر لە پێش دا لە ژێر چەتری سەرکوت و خەفەقان و درۆ دەڵەسە دابین بکات ! ئەو کاتەیە کە ئیمپریالیستەکان بەو شێوەیە کە لە ئەفغانستان و عێراق و لیبی بە شێوەی نیزامی و لە میسر و تونس بە شێوەیکی دیکە عەمەلیان کرد دەکەن .تا ئەو کاتەی کە ئەوان لە پارستنی قازانجەکانی ئابووری خۆیان دڵنیا نەبوون و هێزی جێ نشین بە تەواوی لە خزمەتی خۆیان هەڵنەشنگێنن و یان ئەگەری لە دەس دانی کونترۆلی بارودۆخەکە لە ئارادا بێت ئەوها عەمەل دەکەن کە ئێستا کە لە سوریا و هەمیشە لە ئێران کردوویانە . و ئەویش تەنها لە سنووری دەرکردنی بریارێک و هەلویستیکی رەسمی دیپلوماتیکی کەم رەنگ و ناکاریگەر تێ ناپەڕێ . کوشتار و سەرکوتی خوێناوی خەڵک لە جەریانی نارەزایەتیەکانی بەربلاوی خەڵکی لە ولاتانی ناوچەکە وەک ئێران و سوریا و یان هەر ولاتێکی دیکە کە شاهیدی ئاوا رووداوانەی لە داهاتوو دەبن بۆ ئەمریکا و ئورووپا زۆر گرێنگ نیە . گرێنگ ئەوەیە کە بە هەر شێوەیک لە شێوەکان لە ئاکامەکانی دڵنیا بن و بە تەزمینی پاراستنی قازانجەکانی ئابووری خۆیان لە لایەن هێزەکانی جێ نشین بێنە ناو مەیدانی عەمەل و ئەم جارەیان بە بەرز کردنی ئالای دیفاع لە مافی مرۆڤو بەرگرتن بە کوشتاری خەڵک لە لایەن دیکتاتورەکان دیکتاتوری پێشوو بڕووخێنن و دەسەلات بدەنە دەستی دیکتاتوری نوێ. بە پێچەوانەوە بە تێپەر بوونی پتر لە دوو مانگ بە سەر دەسپێکردنی بزوتنەوەی نارەزایی خەڵکی سوریا و لە گەل شەپولی سەکوتی وەحشیانەی رژێمی بەشار ئەسەد دژی خەڵکی ئەم ولاتە و پشتیوانی بەربلاو و بێ دەریغی رژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و بەشداری چالاکانەی سوپای پاسداران لە جەریانی سەرکوتی خەڵکی سوریا ,یەکێتی ئوروپا و ئەمریکا تاکو ئێستا زۆر لە سەرخۆ عەمەلیان کردووە و کردەوەکانی سوریە یان تەنها مەحکوم کردووە و جگە لە چەند مەورد تەحریم و قەدەغە کردنی رێبەرانی سوریا بۆ ئوروپا کارێکی تریان ئەنجام نەداوە .

هەڵبەتە لە بارەی پشتیوانی بێ دریغی ئێران لە سوریا و پێشکەش کردنی ساڵانە یەک میلیارد نەوتی خۆرایی بە سوریا لە لایەن ئێران لە سەرەتای بە دەسەلات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی و دابین کردنی تەجهیزاتی نیزامی و لوجیستیکی ئەرتشی سوریا و حیزبوڵای لوبنان دەتوانین ئاماژە بەم راستیە بکەین کە رژێمی ئێرانیش پاراستنی قازانجەکانی گەورەی ئابووری بە دەس هاتوو لە ترانزیت و فرۆشی مەوادی موخەدیر لە رێگای ئێران بۆ سوریا و لەوێدا بۆ باشووری لوبنان و پاشان ناردنی ئەم موادە موخەدیرانە لە بەندەرەکانی ئەم ولاتە لە لایەن ئەرتشی گواستنەوەی موخەدیرات واتە حیزبوڵلای لوبنان , بوێ گرێنگە و هەر بۆیە بەسەرسەختی تەواو لە رووداوەکانی سوریا و پاراستنی رژیمی شریکی خۆی لە سوریا چالاکانە سیاسەتی سەکوت پەیرەو دەکات .هەر بۆیە لەم ناوەدا ئەوەی کە بۆ هیچ کام لە لایەنەکانی رۆژئاوایی و رژیمەکانی دواکەوتووی دیکتاتور گرێنگ نیە تەنها گیانی خەڵکە و هەموویان بە دوای پاراستنی دەسەلات و قازانجەکانی ئابووری خۆیانن .

ماوەێک لە مەو بەر شەبەکەی خەبەری ئەلعەربیە راپورتێکی بەم شێوەیە پێشکەش کرە کە مەلیک عەبدوللا پاشای دواکەوتووی عەرەبستان 300 میلیارد دولار بۆ پەرە پێدانی مەکە تەرخان کردووە ,

پلانی دواکەوتووانەی پەرەپێدانی مەکە لە لایەن ئەم بەکرێگیراوەی ئیمپریالیزم لە حالێکدا جێ بە جێ دەکرێ کە پاشای عەرەبستان بە باشی دەزانێ کە داهاتەکانی گەورەی نەوتی ولاتێک وەک عەرەبستان دەبێ بە هەر شێوەیک لە شێوەکان بۆ چارەسەری کەم هاتنی بودجەی ئەمریکا و بەرگرتن بە وەرشکستگی هەرچی زۆریی جیهانی سەرمایەداری کە خۆدی ئەو ولاتیش بەشیکە لە ئەو دا سەرف بکرێ .ئێستاکە چ لە رێگای زەوت کردنی ئەوان وەک ئەوەی کە بۆ لیبی لە لایەن ولاتانی ئوروپایی و ئەمریکا رووی دا و یان نوژەنکردنی مەکە بە سەرف کردنی 300 میلیارد دولار . گرێنگ فرۆشتنی کەلوپەلەکانی ئەمریکایی و ئوروپایی و بەدەس هێنانی قاڵانجەکانی گەورەی ئابووری لە لایەن ئەم ولاتانەیە .

# پارتی کرێکارانی کوردستان (pkk) و پەیوەندی ئەو بە داخوازیەکانی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیا

بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی گەلی کورد لە پارچە جیا جیاکانی ئەودا زۆر جەریانی لە داوێنی خۆی پەروەردە کردووە و جەریاناتی یەک بە دوای یەک لە رەوتی خەباتی گەلی کورد هەرکام بە خواستگەی چینایەتی جیاواز و قازانجەکانی ئابووری – سیاسی – کۆمەڵایەتی جیاواز توانیانە لە سەر زەمینەی دژایەتی سەرەکی واتە دژایەتی نەتەوایەتی نوێنەرایەتی بیروبۆچوونێکی کۆمەڵایەتی بکەن . هەر لە سەرەتای شۆرشە عەشیرەتیەکانی باکوور تا باشوور و رۆژهەڵات تاکو رۆژئاوای کوردستان تاکو شۆرشە رێک خراوەکانی ژێر رێبەرایەتی جەریاناتی ناسیونالیست دژایەتی سەرەکی هەمان دژایەتی نەتەوایەتی بووە و هاندەری خەڵک بۆ هەر مەبەستێک و بۆ بەکار هێنانی هێز و توانای گەل قامک دانان لە سەر ئەم دژایەتیە سەرەکیە بووە بە پێ ئەم هەڵسەنگاندنە لە بوونی دژایەتیەکانی ناوخۆی کۆمەڵگای کوردستان و دیاریکردنی دژایەتی سەرەکی ، دیاریکردنی شێوازی خەبات و یان تاکتیکی سەرەکی بە لە بەرچاوگرتنی بارودۆخی ئابووری – کۆمەڵایەتی – سیاسی – فەرهەنگی و داب و نەریتەکانی باو لە ناوخۆی کۆمەڵگای کوردستان ، خەباتی چەکدارانە بۆ چارەسەری کێشەکان و کێشەی سەرەکی واتە کێشەی نەتەوایەتی ، بووەتە شێوە و شێوازی سەرەکی و یان تاکتیکی میحوەری خەبات و یان ئامرازی ئەسڵی بۆ بڵاوکردنی بیروبۆچوونی جەریاناتی کۆمەڵایەتی .پێکهاتەی کۆمەڵایەتی – ئابووری کوردستان بە تۆزێک جیاوازی لە پارچەکانی جیاوازی ئەودا بە گشتی بریتیە لە پێکهاتەی سەرمایەداری کە هێشتا پاشماوەکانی سیستەمی دەرەبەگایەتی نەک وەک چینێک بەڵکو وەک هێزێک کە هێشتا خاوەن ئیمکاناتی ماڵیە بۆ ئەوەی کە سەرمایەی خۆی لە لە شارو دێ بە کار بهێنێ لەوێدا وجودی هەیە و پەرەساندنی بورژوازی توجاری و بڵاوبوونەوەی سەرمایەی ئەوان لە بەشی دەڵاڵی ناو بازار نیشاندەری ئەوەیە کە بورژوازی لادێ قازانجی خۆی لە وەگەرخستنی سەرمایەکانی لە ناوشارەکان و لە بازار دەبینێ . بۆیە هێشتا کۆمەڵگای کوردستان لە هیچ بەشێکی ئەو شاهیدی گەشەکردنی بورژوازی سەنعەتی نەبووە و لە چواچێوەی بورژوازی توجاری فەراتر نەچووە . « لە کوردستانی باشوور واتە کوردستانی عێراق کە ئێستا زەمینەی گەشە کردنی بورژوازی لە هەر کاتێکی تر لە بارتر و گونجاوترە ئەم مەسەلەیە بە باشی خۆی نیشان دەدات ز تازە لەم بەشەی کوردستان بورژوازی کورد خۆی دەسەڵاتدارە و لە ئیمکاناتی مادی و مەعنەوی زۆریش بەرخوردارە بۆ ئەوەی کە سەرمایەکانی لە هەر بەشێک کە ویستی بە کار بهێنێ بەڵام هێشتا لە بەر خاتری پاشکەوتنی ئەو و هەروەها پاشکەوتنی کۆمەڵگا ترس و دڵەراوکێی هەیە لەوەی کە بە شێوەیکی جیددی لە بەشێکی تر جگە لە دابین کردنی کالا و دابەشکردنی ئەو سەرمایەگوزاری بکات .» ئەمە سەبارەت بە وەزعی بورژوازی گوند و شاری کوردستانە . بەڵام جەریاناتی سیاسی نوێنەرایەتی چ چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی کوردی دەکەن دەبێ پێوانەی هەڵسەنگاندنی ئەم پرسیارە خواستگەی چینایەتی هەر جەریانێکی سیاسی لە سەرتای دامەزراندنی ئەو قەرار بدەین . دیارە کە هەڵویستی هەر جەریانێک بە لەبەرچاوگرتنی ئەم پێوانەیە واتە خواستگەی چینایەتی ئەو واتە بەرگری کردن لە قازانج و بەرژەوەندی چین یان توێژێکی کۆمەڵایەتی تایبەت بە تێپەربوونی کات و پەرەساندن و گەشەکردنی شێوەکانی بەرهەم هێنان و بە دوای ئەودا گۆرینی پێکهاتەی ئابووری – کۆمەڵایەتی – سیاسی و هەروەها گۆرانکاری لە پێکهاتەی ریزبەندیەکانی چینایەتی لە ناوخۆی کۆمەڵگا ، دەگۆردرێ و جەریانێک کە تا قۆناغێک لە خەباتدا لە ریزی شۆرش ئاڵای خەبات بە دژی ستەمی نەتەوایەتیی هەڵگرتبوو ئێستاکە تەنانەت ناتوانێ بەرنامەیکی رێک و پێک و روون و ئاشکرا بۆ چارەسەرکردنی ئەم دژایەتیە پێشکەشی خەڵکی چەوساوە بکات . بۆیە ئێمە تێدەکۆشین تاکو لەمەو بەدواوە بە لە بەرچاوگرتنی بڕوای قووڵ و بنەڕەتیمان بە خەباتی سیاسی و ئایدولۆژیک بە شێوەیکی زانستی جەریاناتی سیاسی کوردی لە پارچە جیاجیاکانی ئەو بخەینە بەر باس و هەڵسەنگاندن تاکو جێگە و شوێنی چینایەتی ئەوان لە سەرەتای دامەزراندن تاکو ئێستا بە باشی بناسین . بۆ ئەم مەبەستە لە باکووری کوردستان واتە کوردستانی تورکیا دەستی پێ دەکەین . و باس لە جەریانی سەرەکی ئەم بەشە لە کوردستان واتە PKK دەکەین . لە سەرەتاوە دەبێ پێداچوونەوەیکمان هەبێ لە سەرکورتەیەک لە مێژووی دامەزراندن و رێکخستنی pkk ( پارتی کرێکارانی کوردستان ) .

مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان بە 3 قۆناغ دابەش دەکرێت .

1 - لە سەرەتای شکل گرتنی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری لە کوردستانی تورکیا و دەس پێکردنی چالاکیەکانی رۆشنبیرانەی کۆمەڵێک

خوێندکاری زانکۆ لە ئانکارا لە ساڵی 1970ی زائینی تاکو دامەزراندنی لە ساڵی 1980

2- لە کاتی دامەزرانی ئەم جەریانە تاکو سەردەمی شەڕەکانی لە گەڵ جەریاناتی کوردی باشوور و پەرەساندنی شەڕی گەڵ بە دژی حکومەتی مەرکەزی و جەریاناتی ناوچەیی هاوکار لە گەڵ حکومەتی تورکیاواتە تاکو ساڵی 1990 و پاش ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت و ئوردوگای سوسیالیستی

3 - گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانی PKK لە بەر خاتری هۆکارەکانی وەک ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت و هەروەها پێشکەوتنی پەرەساندنی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری لە کوردستانی تورکیا و ڕیزبەندیەکانی تازە لە ناوخۆی پێکهاتی چینایەتی کوردستانی تورکیا .

لە ساڵی 1970 وە گروپێک لە خوێندکارانی زانکۆی ئانکارا لە ژێر تەعسیری شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی گەلی ویتنام و هەروەها خەباتی خوێندکارانی چەپی تورکیا لەو ساڵانەدا خۆیان بۆ تیئوریزە کردنی شۆڕشی کوردستان ئامادە دەکرد . لە کوردستان لەم کاتەدا بۆ شۆڕش هەلومەرجی عەینی و زەینی فەراهەم بوو . عەینی بەو واتایە کە چینی سەرمایەدار و کرێکاری کوردستان بریتی بوون لە دوو چینی سەرەکی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کوردستان و لەم نێوانەدا توێژەکانی بەینابەینیش واتە وردەبورژوازی بە هەموو بەشەکانی ئەو بە دوای قازانج و بەرژەوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی بوو و هەر کام لەم چین و توێژە کۆمەڵایەتیانە هێز و جەریانی نوێنەری خۆیانیان پێک دەهێنا و لەم گیر و دارەدا چینی تازە پێ گرتووی کرێکاری کوردستان بە تازە شکل گرتنی و هەروەها یەک دەست نەبوون و ئاستی نزمی تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و چینایەتی خۆی نەیتوانی جریانی سیاسی خۆی وەک هێزێک بۆ بەرگری کردن لە قازانج و بەرژەوەندیەکانی پێک بهێنێ و لە ڕەسالەتی مێژوویی خۆی پاشکەوت و ئەم ئەرکە ی خۆی سپاردە وردە بورژوازی هەژار و دەس تەنگی لادێ و هەروەها مام ناوەندی و سەرەوەی گوند و شارەکان کە قازانج و بەرژەوەندیلا ئەوان لەم قۆناغەدا لە گەڵ قازانج و بەرژەوەندی چینی کرێکار یەکی دەگرتەوە و لە دژایەتی لە گەڵ بەرژەوەندی و قازانجی سەرمایەداری گەورە قەراری گرتبوو .هەلومەرجی زەینیش لە بەر بوونی ساڵەها ستەم و ئیجحافی نەتەوایەتی - چینایەتی - جینسی و . . . سەرکوتی دڕندانەی حکومەتە فاشیستەکانی تورکیا دەرحەق بە گەلی کورد لە کوردستانی تورکیا بۆ شۆڕشی ڕێک خراو و خاریج لە شکلی عەشیرەیی ئامادە بوو .

دەورانی چالاکی ئایدۆلۆژی گروپ لە نێوان ساڵەکانی 1970 تاکو 1975 درێژەی خایاند و شۆڕشی کوردستانیان تیئوریزە دەکرد . لە ساڵی 1976 کومیتەی مەرکەزی گروپ هەڵبژێردرا . کومیتەی مەرکەزی بریتی بوو لە 3 کەس : ڕێبەری و دوو جێگری ئەو « بە ناوەکانی حەقی و کەسێکی تر بە ناوی قەمەر ئوزکان کە پێشتر ئەندامی گروپی چەپی ئیبراهیم کایپا کایا بوو و لە بەر خەیانەتی قەمەر ئوزکان گروپەکە بە پولیسی تورکیا فرۆشرا و هەموو ئەندامانی ئەو گروپە دەسگیر و یان کوژران . پاش ئاشکرا بوونی خەیانەتی قەمەر چەکدارانی گروپ ئەویان لە شاری درسیم تیرۆر کرد . حەقی یش لە لایەن گروپێک بە ناوی ستێرکا سور ( ئەستێرەی سور ) لە شاری عەنتاب تیرۆر کرا .»

لە ساڵی 1978 گروپ بە ڕەسمی دامەزرانی pkkی ڕاگەیاند .

جەریاناتی سیاسی کوردی لە باکووری کوردستان واتە کوردستانی تورکیا بە گشتی پاش دەیەی 80ی زائینی بە تایبەت بە دوای کودیتای 1972ی زائینی و پەرەساندنی بورژوازی لە کوردستان و پەیدا بوونی چین و توێژەکانی تازە لە سیستەمی تازەدا سەریان هەڵداوە و بە گشتی لە ژێر دروشم و بەرنامەی ئێلتقاتی وردە بورژوازئیانەی تێکەڵ بە سوسیالیزم و لە ناوەندەکانی ڕۆشنبیری واتە زانکۆکانی ئانکارا بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی کورد لەم بەشەی لە کوردستان چالاکی خۆیانیان دەستی پێکرد . pkkیش وەک جەریانێکی لەم ڕەوتەدا و بە بیروبۆچوونی ئێلتقاتی وردە بورژوائیانەی کە نوێنەرایەتی قازانج و بەرژەوەندیەکانی توێژی وردە بورژوازی گوند و شارەکانی کوردستانی تورکیای دەکرد هەر لە سەرەتای



دامەزراندنی خۆیدا لە دژایەتی دوو بەرەی جیاواز قەراری گرت . یەکەم لە دژی پاشماوەکانی سیستەمی پێشوو یان سیستەمی عەشیرەتی و دەرەبەگایەتی کە خۆی لە غالبی شەڕەکانی ئەم جەریانە بە دژی عەشیرەتەکانی کوردستانی تورکیا نیشان دا و ئەوەی تریان لە دژی بیروبۆچوونی چەپی تورکیا کە لە ئەساسدا هەرچەندە چەپی تورکیاش خۆی بە خۆی نەیتوانی بوو لە بەرانبەر بزووتنەوەی گەلی کوردستان و سەرکوتی بێ رەحمانەی حکومەتی فاشیستی تورکیا لە بەرانبەر گەلی ستەم لێکراوی کورد و مەسەلەی مافی دیاریکردنی چارەنووسی ئەوان هەلویستی روون و ئاشکرا وەرگرێ ، بەلام دژایەتی pkk و تەنانەت هێرشی چەکدارلانەی ئەوان بۆ سەر هەلسووراوانی چەپ لە ناو کوردستانی تورکیا نیشاندەری ئەوە بوو کە جەریانی pkk لە بواری چینایەتی توانای یەکلیەنەی بە قازانجی نە سەرمایەداری تازە پێ گرتوو و نە پرولیتاریای نوێی کوردی نیە . بۆیە pkk هەر لە سەرەتاوە شەڕی خۆی بە دژی پاشماوەکانی دەرەبەگایەتی بە مەبەستی قازانج گەیاندن بە توێژی وردە بورژوای خوارەوەی شار و گوند دەستی پێکرد و لە بەر ئەوەی کە سیستەمی دەرەبەگایەتی بە خێرایی و لە بەر پەرەساندنی شێوە و شێواز و پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری نوێ لە سەرەتای دەیەی 80وە هێز و توانای وەک چینێک بۆ بەرگری کردن لە قازانج و بەرژەوەندیەکانی و هەروەها پاراستنی پەیوەندیەکانی سیستەمەکەی نەما بوو زۆر زوو لە باری سیاسی و ئابووری خۆی بە دەستی پەیوەندیەکانی کۆمەلایەتی تازەوە دا . حکومەتی مەرکەزی تورکیایش کە سەر بە ئیمپریالیزمی ئەمریکا بوو و وەک پێگەی ناوخۆیی ئەو هاوکار و هاوپەیمانی حکومەتی شای ئێران بوو و بۆ پاراستنی قازانجەکانی ناوچەیی ئیمپریالیزم بە شێوەیکی دڕندانە هەر جۆرە بزووتنەوەیکی خەلکی یان بە گوللە وەلام دەدایەوە . هەر بۆیە لە ئاوا هەلومەرجێکدا دژایەتی گەل و حکومەتی مەرکەزی کە نوێنەرایەتی ئیمپریالیزمی لە ناوچەکە دەکرد ناراستەوخۆ وەک دژایەتی گەل و ئیمپریالیزم تەحلیل دەکرا . چەپی تورکیا ئەم راستیەی لەو کاتە دەرک کردە بوو بەلام لە راستی ستەمی نەتەوایەتی و بوونی دژایەتی سەرەکی کە دەبوایە دژایەتیەکانی تری کۆمەلگای سەرمایەداری لە کانالی ئەو دژایەتیە سەرەکیە چارەسەر بکرێ عاجیز بوون . چەپی تورکیا نەیتوانی لە ژێر کاریگەری و تەعسیری سیاسەتی ئەحزابی بەرادەر و یەکیەتی سۆڤیەت خۆی دەرباز بکات . ئەمە حال و وەزعی چەپی پاسیف و لە بەرەی یەکێتی سۆڤیەتی تورکیا بوو ، چەپی ئەکتیڤیش هەرچەندە لە بەرانبەر سیاسەتی رویزیونیستی و ریفورمیستی چەپی پاسیف راوەستایەوە و خەباتی توند و قەهر ئامیزی خۆی بە دژی دیکتاتوری ڕاگەیاند بەلام خۆی بەربەست کردە بووە نتاوچە تورک نشینەکان و نەیتوانی خەباتی گەلانی بن دەست وەک گەلی کورد رێک بخات و رێبەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی ئەوان بە دەستەوە بگرێ و مەیدان بۆ جەریاناتی وردە بورژوا چوول کرد .چەپی تورکیا دەبوایە هاوپەیمانەکانی خۆی لە نێوان توێژەکانی هەژار و مام ناوەندی نارازی لە پەرساندنی پەیوەندیەکانی کۆمەلایەتی سەرمایەداری هەلبژێردە بایە . بۆیە pkk وەک نوێنەری وردە بورژوازی گوند و شار لە سەرەتاوە بە هۆی سیاسەتی لاواز و پاسیڤی چەپی تورکیا و لە لایێکی ترەوە پەرەساندنی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری و گۆڕینی پێکهاتەی سیاسی - ئابووری و کۆمەلایەتی کوردستان بەرەولای ناسیونالیزم گەرایشی پەیدا کرد .

لە هەلومەرجی پاش رووخانی یەکێتی سۆڤیەت تاکو ئێستا بورژوازی گەلانی بن دەست بۆ وەرگرتنی بەشی زیاتر لە دەسەلات و سەرمایە دروشمی بەکارهێنانی ئیرادەی گەلانی بن دەستیان هێناوەتە ئاراوە بە واتایکی تر ئەگەر ئیمپریالیزم و سەرمایە جەمسەرێکی جیهانین و بە سەر دونیادا زالن ، ئیرادەی گەلانی بن دەستیش نەک بۆ گۆڕینی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری و چەوسێنەرانەی زال بەلکو بە مەبەستی پاراستنی قازانجەکانی سەرمایەی جیهانی لە خەتەری بەربەست کردنی ئەو لە لایەن دەولەت - میللەتەکان لە هەر کاتیچکی تر زەروور و پیویستترە ، تەنانەت لەو کاتەی کە جیهان دوو جەمسەری بوو .واتە بە کرا هێنانی

> **Pkk هەرچەندە جەریانێکی کرێکاری و رادیکال نیە ، بەلام لە بەر ئەوەی کە نوێنەرایەتی قازانج و بەرژەوەندی توێژەکانی وردە بورژوازی خوارەوە و مام ناوەندی شار و گوندەکانی کوردستانی تورکیا لە بەرانبەر بورژوازی دەسەلاتداری سەر بە ئیمپریالیزم دەکات لە بەرەی شۆرش دایە و نابێت پیوانەی قەزاوەتی خۆمان لە سەر ئەوەی دابنین کە چۆن مارکسیست - لینینیست نیە بۆیە دژی شۆرشە ....**

هێز و توانایگەلانی بن دەست بۆ دروس کردنی کۆمەڵگایێک لە سەر ئەساسی پێکەوە ژیانی ئاشتی خوازانەی چینایەتی و بەرگری کردن لە پەیوەندیەکانی سەرمایەداری مەوجود . سیاسەتێک کە ئێستاکە لە باکوور و باشوور و رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستان لە لایەن ئیمپریالیزم و جەریاناتی هاوپەیمانی کوردی ئەوان بەرێوە دەچێ و یان تەبلیغ دەکرێ . ئەگەر بورژوازی کورد و جەریاناتی وردە بورژوای کوردی جار و بار لە دژایەتی ئیمپریالیزم هەلویست وەردەگرن لە بەر ئەوەیە کە سەرمایەی جیهانی تێ بگەێنن کە کوردستان لە هەموو بوارێکەوە لە بورای ژئوپولیتیکیوە بگرە تاکو سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و . . . ئەوەندەی کە دەتوانێ بۆ قازانج و بەرژەوەندی و مەسڵەحەتی ئەوان بە کار بێت ، سەد ئەوەندەیش دەتوانێ خەتەر ساز بێت بۆ قازانج و بەرژەوەندی ئیمپریالیزم و سەرمایەی جیهانی .

Pkkیش بە روونی و ئاشکرائیەوە بە دوای ئەم سیاسەتەیە و لایەنگری ئەم جەریانە لە قازانجەکانی وردە بورژوازی مام ناوەندی و سەرەوەی گوند و شارەکانی کوردستانی تورکیا جارو بار لە دژایەتی بورژوازی گەورەی کورد قەرار دەگرێ وەک شەڕ لە گەڵ جەریاناتی بورژوایی کوردی لە باشووری کوردستان واتە کوردستانی عێراق وەک پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە ئەم دوو جەریانە بورژوائیە کوردیە بە هەموو هێز و توانای خۆیانەوە هەوڵیان دا بەڵکو وردە بورژوازی مام ناوەندی و سەرەوەی گوند و شارەکانی تورکیا و جەریانی سیاسی کە نوێنەرایەتی ئەوانی دەکرد ببەنە ژێر رەکیفی خۆیان . ناوەڕۆکی شەڕی جەریاناتی کوردی ناسیونالیست لە هەر پارچەیێکی کوردستان بەم پێوانەیە دەبێ هەڵسەنگاندنی لە سەر بکرێ ، نەک شتێکی تر لە بەر ئەوەی کە بەرنامە و تاکتیکەکانی ئەوان بە گشتی زۆر فەرق و جیاوازیان لە گەڵ یەکتر نیە و تەنیا قازانج و بەرژەوەندیەکانی ئابووری – سیاسی و کۆمەلایەتیە کە بووەتە هۆی ناکۆکی و شەڕی نێوان ئەوان. pkkهەرچەندە جەریانێکی کرێکاری و رادیکال نیە ، بەڵام لە بەر ئەوەی کە نوێنەرایەتی قازانج و بەرژەوەندی توێژەکانی وردە بورژوازی خوارەوە و مام ناوەندی شار و گوندەکانی کوردستانی تورکیا لە بەرانبەر بورژوازی دەسەڵاتداری سەر بە ئیمپریالیزم دەکات لە بەرەی شۆرش دایە و نابێت پێوانەی قەزاوەتی خۆمان لە سەر ئەوەی دابنین کە چۆن مارکسیست – لینینیست نیە بۆیە دژی شۆرشە ، رەوتی بەرەو پێشی خەباتی چینایەتی مەسیری هەر جەریانێکی سیاسی دیاری دەکات و قووڵ بوون و توونـد بوونی دژایەتی چینایەتی جەریاناتی سیاسی مەجبوور بە هەلویست وەرگرتن دەکات تەنانەت ئەگەر هەلویستیان زۆر چەپ و رادیکاڵ بێت بەلام لە پراتیک دا لەوانەیە زۆر راست گەرایانە بێت . بۆیە پێوانەی قەزاوەتی ئێمە وەک مارکسیست – لینینیست تیئوری شۆرشگێرانە تێکەڵ بە پراتیکی شۆرشگێرانەیە نەک تەنها تیئوری شۆرشگیرانە خاڵی لە پراتیک و یان پراگماتیزمی وشک و خاڵی و بێ ناوەڕۆک .

**خەبات بۆ داخوازیەکانی گشتی دیمۆکراتیك و بەرەوپێش بردنی بەردەوام و رادیکاڵیان، لە خەباتی چینی کرێکار بۆ ئازادی و یەکسانی جیاناکرێت، هەر بۆیە، چینی کرێکار دەبێ سەرەرای پاراستنی سەربەخۆیی چینایەتی خۆی، خەریکی رێکخستنی داخوازیەکانی گشتی دیمۆکراتیك لەئاستێکی بەربلاوتر بێت و بەش بەحاڵی خۆی بەمەبەستی یەکگرتنی ئەم خەباتە لەشێوەکانی تایبەتی خۆی، وەك بەرەی خەبات بۆ ئازادیەکانی دیمۆکراتیك و یەکیەتیەکانی کردەوەیی کاتی و رێکخستنی بلاوکراوەکان و پێك هاتە دیمۆکراتیکەکان، تێ بکۆشێ.**



# ڕاپۆرتێك لە ((تەبریز)) لە بارەی دەریاچەی ئورمیە و تەعسیراتی وشك بوونی بە سەر ژیانی خەڵکدا ! ( ا . ف )

دەریاچەی ئورمیە کەوتووتە باکووری ڕۆژئاوای ئێران . ئەم دەریاچەیە گەورەترین دەریاچەی ناوخۆیی ئێران و دووهەمین دەریاچەی ئاوی سوێری دونیایە . ئەم دەریاچە سوێرە , زیاتر لە ڕووبارەکانی زەرینە رود ,گادر , بارئەندوز, شەهرچای , نازلو و زولا ئاوی خۆی دابین دەکات ئەم دەریاچەیە لە مەترسی وشک بوونی تەواوە و لە مەودای 13 ساڵی ڕابردوودا 6 مەتر ئاستی ئاوی ئەو





دابەزیوە . هۆکاری زۆر لە وشک بوونی ئەم دەریاچەیە دەخیلە کە یەکێک لە ئەوان دروست کردنی سەد لە سەر ئەو ڕووبارانەیە کە دەرژنە ناو ئەم دەریاچەیە .
وشک بوونی دەریاچەی ئورمیە مەترسی گورینی بەشێکی زۆر لە زەویەکانی کشتوکالی ئازەربایجان و کوردستان بە دەشتی خوێ ی بە دواوەیە . ئەگەر بەر بە وشک بوونی دەریاچەی ئورمیە نەگیردرێ ئەم بومبە خوێە 8 میلیاری تونە موشکیلە و گرفتی زۆر دروست دەکات . بە لە بەر چاوگرتنی ڕادەی زۆری خوێ لە دەریاچە دا , بە دوای وشک بوونی ئەو و هاتنی بای , خوێ بەرەو شارەکان و زەویەکانی کشتوکالی دەروبەری دەریاچە ,زۆر تەعسیری خراپی لێ دەکەوێتەوە . دەبێ سەرنج بدەین کە بوونی خوێ لە شارەکان , ڕووخانی بیناکان و لە ناوبردنی ماشینەکانی بەدوادایە , ئەم شتە دەبێتە هۆی سوێر بوونی زەویەکانی کشتوکالی و بێ کەڵکیان دەکات و ئەمە دەبێتە هۆی پەیدا بوون و بڵاو بوونی نەخۆشیەکان و زۆر گرفتی دیکە کە هەزینەی زۆر دەخاتە سەر شانی کۆمەڵگا .لەم نێوانە دا هەڵسووراوانی ژینگە بەش بە حاڵی خۆیان هەولیان داوە و هەندێک جار دەوڵەتیش مەجبوور بووە هەلویست وەربگرێ بۆ باشتر کردنی ژینگەی دەریاچە , ئەگەرچی ئەم هەلویستانە باشن بەلام هەمیشە پوچ و بێ ناوەروکن . ڕاستی ئەمەیە کە دەوڵەتی سەرمایەداری مەرکەزی لە ڕێگای لە ناو بردن و ئیستفادەی بێ وەچان لە دەریاچە , باش تەغزیەی کردووە و تا ئەو جێگایە کە پەیوەندی قازانج و بەرژەوەندی خۆی لە کاوڵ کردنی هیچ شتێک دریغی نەکردووە . بۆ نجاتی دەریاچە دەبێ بزووتنەوەی خەڵکی لە حەرەکەت دا بێت . بەڵێ خەبات بۆ ڕزگاری دەریاچەی ئورمیە لە چنگاڵی مەرگ نە تەنها دواکەوتووانە نیە , ئەو جۆرەی کە زۆر کەس پێیان وایە و ئەوی بە قازانجی پەیوەندیەکانی دواکەوتووانەی پێش لە سەرمایەداری و دەورانی دەرەبەگایەتی دەزانن , بەڵکو هەر بە ئەو دەلیلەی کە دەریاچە و ئوکوسیستەمی دەوروبەری ئەو کارێکی پیرۆز کە ژیانی ڕۆژانەی هەزاران هەزار کرێکار و زەحمەتکیش لە دەوروبەری ئەو , ساڵەهای ساڵە دابین دەکات , هەزاران هەزار جووتیار , کریکاری ئەسکلە و ... کە بە لە ناو چوونی دەریاچە و نەمانی دەرفەتەکانی کار و ژیانی ڕۆژانەی ئەوانیش لە مەترسی قەرار دەگرێ . لە مەودای ساڵەکانی ڕابردوودا هەڵسووراوانی ژینگە و خەباتگێرانی تێگەیشتوو لە ڕێگای بەرێوە بردنی کەمپین , گۆڤار و خۆپیشاندانەکان فشاری زۆریان خستووتە سەر دەوڵەت . تا ئەو جێگایە کە ئەم گرفتە چووەتە مەجلیس . و لە مەودای هەفتەکانی ڕابردوو نوێنەرانی مەجلیس بە دوو فەوریەت پلانی بەرگرتن بە وشک بوونی دەریاچەی ئورمیە لە ڕێگای گاستنەوەی ئاو لە ڕووباری ئاراز (ئاراس) و سیمەرە , موخالیفەتی خۆیان ڕاگەیاند . پاش ئەو , ڕۆژی پێنجەمی خەرمانانی 1390 خەڵکی ئورمیە و تەبریز خۆپێشاندانیان ساز کرد . خۆپیشاندران کە بە شێوەیەکی ئارام و بە دروشمی دەریاچەی ئورمیە خەریکە گیان دەدا , مەجلیس فەرمانی

ڕادەیەکی زۆر لە قازانجی سەرمایەداری ناوچەکە و دەوڵەت دابین دەکات . لە هەر هەنگاوێک بەرەو پێش دەتوانێ و بە ئیجبار لە بەرانبەر سەرمایەداری و دەوڵەتی پشتیوانی قازانجەکانی ئەو واتە کۆماری ئیسلامی قەرار دەگرێ . ئەمروکە دیفاع لە ژینگە ئەرکی کرێکاران و زەحمەتکێشانە . ئوکوسیستەمی دەریاچەی ئورمیە نە

کوشتنی دەدا و ... لە گەل یەکتر فرمیسک دەرژێنین و دەریاچە پڕ دەکەین لە لایەن بەکرێگیراوانی رژیمی سەرمایەداری هێرشیان کرایە سەر . ماتور سوارەکان ,پولیسی دژی شورش و هێزەکانی لیباس شەخسی بەرەو خەڵک گاوێ فرمیسک رژین و گوللەی پلاستیکیان هاویشت و خۆپێشاندرانیش رەق و تورەیی خۆیان بە ئاگر دانی ماتور سیکلتەکانی پولیس نیشان دا . لەم تیکەڵچووەاندا دەیان کەس بریندار بوون و لەم ناوەدا چەندین بریندار لە ناو نەخۆشخانەکاندا لە لایەن دەزگای ئیتلاعات رفێندران . هەروەها سەدان کەسی تریش دەستگیر کران .رژیم پێوا بوو ئەم نارەزایەتیانە کونترۆڵ کردووە . بەڵام هەڵسووراوان بە دەرکردنی بەیاننامە شەمە 12ی خەرمانان , خەڵک بۆ دەسپێکردنی تووندی نارەزایەتیەکان لە لای راستی کوڵان بۆ خۆپێشاندانیکی دیکە بانگەواز کردن . ئەم خۆپێشاندانە لە کاتژمێری 8.30 دەستی پێکرد . هێزەکانی بەسیجی و دژی شۆرش بە ترس و دڵەراوکەیێکی بێ وێنەدا لە مەودای ساڵی رابردوودا , هێرشیان کردە سەر خەڵک . تەنانەت منداڵان و ژنانی بێ لایەنیش کەوتنە بەر هێرشی پولیس و هێزەکانی رژیم . راپەرین لە بەشەکانی مەرکەزی شار هەموو شاری هەژاندەوە .بە هۆی گەورە بوونی راپەرین لە بەشەکانی ناوەندی شار سەانسەری شار لە جموجۆڵی گەورەدا بوو و خەڵک بۆ دیفاع لە گیان و کەرامەتی خۆیان هاتنە سەر شەقام . لەم نارەزایەتیانە دا خەڵک لەگەڵ لیباس شەخسیەکان و بەسیجیەکان بە شەر هاتن . لەم خۆپیشاندانە ژمارەیێکی زۆر لە خۆپیشاندران بریندار بوون کە لە لایەن خەڵکەوە گواسترانەوە بۆ نەخۆشخانەدا . ئەم خۆپیشاندانانە لە حاڵێکدا بەرێوە چوو کە تەبریز بووە پادگانێکی گەورەی نیزامی و خەڵک سەرەرای هاویشتنی گازی فرمیسک رژین و گوللەی پلاستیکی لە شەقام و گورەپانەکانی سەرەکی دریژەیان دەدایە خۆپیشاندانی ئارمی خۆیان . کۆماری ئیسلامی جارێکی تریش سیمای راستەقینەی خۆی نیشان دا و پەڵەیکی رەشی تر لە کارنامەی رەشی خۆی بە جێ هیشت . بەم شێوەیە خەڵکی قارەمانی تەبریز و ئورمیە موخالیفەتی خۆیان بە رژیمی پیسی ئیسلامی راگەیاندن و نیشانیان دا کە تاکو ئاخرین هەناسە لە رێگای ئازادی و سەر بەرزی خەبات دەکەن . بە هیوای سەرکەوتن و یەکگرتنی هەمووخەڵکانی ژێر ستەم .

**لە کومەڵگایەك کە قازانج خوازی، کۆکردنەوەی سەرمایەی تاکە کەس و کێ بەرکێ، ئەساسی چالاکیەکانی ئابووری پێك دینێ، سروشتیەکە بەشێوەیکی لەرادە بەدەر لەسەر چاوەسروشتیەکان کە قەد جێگیر نابێتەوە، کەڵك وەربگرن و ژینگە لەژێررەکیفیسەرمایەداران و دەوڵەمەندەکان بێت.**

**کاول کردنی ژینگە، خەسارێکە کە سەرمایەداری بەدیاری هێناوە. سوسیالیزم چاوێ لەداهاتووی مروڤایەتی و بەختەوەری نەسلەکای داهاتوویە. گشتی کردنی بەرهەم هێنان و ئاڵ و گۆر پێ کردن، ئیمکانی رێکخستنی بەرهەم هێنان بەکەمترین خەسارێك لە ژینگە وەدی دێنێ. بەرهەم هێنان بەشێوەێك کە لانی کەمی خەسارو زەرەر لەژینگە بگەیێنێ، یەکێك لەبووارەکانی بەرهەم هێنانی سۆسیالیستی وتێ کۆشان بۆ پاراستنی ژینگە و گۆرینی شێوەکانی بەرهەم هێنان و گۆنجاو لەگەڵ ژینگە لە ئامانجەکانی پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کۆماری شوورایی جیانەکراوەیە.**




# یادگاری هەزاران ئەستێرەی بە خوێن خەوتو

لە گەلاوێژ و خەرمانانی ساڵی 1367ی هەتاوی ( 1988ی زائینی پاش تەواو بوونی شەڕی ناعادلانە و دژی خەڵکی دەوڵەتانی ئێران و عیراق و هەڵکێشانی جامی زەهر لە لایەن خومەینی جنایتکار و قبووڵ کردنی ڕێککەوتننامەی ئاگر بەس ، ڕێژیمی هەراسانی کۆماری ئیسلامی لە ترسی پەرەساندنی خەباتی خەڵکی و نارەزایەتی گشتی کۆمەڵانی خەڵک کە لە مەودای هەشت ساڵ شەڕی خائینانە لە گەڵ دەوڵەتی عێراق توانی بوو بە بیانووی دیفاع لە دین و خاک و وڵات سەرکوتی بکات و هەر چەشنە دەنگی نارەزایی بە تومەتی خزمەتکاری بە بێگانە و کافرەکان سەرکوت بکات ، ئەم جارەیان و بە دوای ئاگر بەس لە گەڵ دەوڵەتی عێراق بوونی هەزاران زیندانی سیاسی لە هەل و مەرجی پەرەسەندنی خەباتی نارەزایەتی گشتی کە ساڵیانی ساڵ بە بیانووی جۆر بە جۆر سەرکوت کرا بوو ، بە زیان و زەرەری خۆی دەزانی و بۆ ئاو چاو گرتن لە خەڵک و خەلاس بوون لە گرفتی هەزاران زیندانی سیاسی کە دوای ئازادیان لە زیندان هێزێکی بە کردەوەی بەرچاویان دژی ڕێژیم و بۆ ڕووخاندنی لە ڕەوتی خەباتی پەرە ئەستێنەری گشتی خەڵک پێک دەهێنا ، دەستی دایە قەتڵ و عامی وەحشیانە و بێ بەزەئیانەی هەزاران زیندانی سیاسی لە سەرانسەری ئێران و بە تایبەت لە مەرکەزی ئێران . ڕێژیم لە ترسی خرۆشی جەماوەری و دەربڕینی نارەزایی بە نیسبەت ئەم وەحشیگەریە لە لایەن خەڵکی نارازی هەموو زیندانیانی سیاسی لە سەرتانسەری ئێران لە مانگی گەلاوێژ و بە دەس پێ کردنی اوپراسیونی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک لە نێزیک شاری کرماشان کۆ کردەوە و بەرەو زیندانەکانی تاران و شارەکانی مەرکەزی ئێران گواستەوە . لە گەلاوێژ و خەرمانانی ساڵی 1367 بە دوای دەستووری خومەینی جنایتکار و خوێن مژ ، ئینسان کوژانی کۆماری ئیسلامی هەزاران ئەستێرەی دیل کراو لە بەندیخانەکانی سەدەی ناوەراستی شەو پەرەستانیان دایە بەر ڕەگباری گوللە و لە سەدان گوری بە کۆمەڵ وەک گوری خاوەران لە نێزیک تاران ناشتیان . بەو خێاڵە کە تا ماوەیکی دیکە بتوانن خزمەتکاری قازانج و بەرژەوەندی موفتە خوران و وڵاتانی ئیمپریالیستی پشتیوانی ئەوان بن و بۆ ئەم مەبەستە هەزاران ئینسانی خەباتگێر کە پاکترین ڕۆڵەکانی گەڵ بوون بە کۆمەڵ بکوژی و وڵاتانی لایەنگری مافی مرۆڤیش چاویان بە سەر ئەم وەحشیگەریە ببەستن و خۆیان لێ کەر و گیل بکەن ، گوایە کە هیچ شتێک ڕووی نەداوە . ئەو لایەنگرانەی مافی مرۆڤە کە لە بەرانبەر کوشتارەکانی جۆزەردانی ساڵی 1360ی هەتاوی ( 1981ی زائینی ) دەنگیان دەر نەدەهات و بێ شەرمانە خۆیان لێ گیل کردە بوون بۆ جارێکی تر و لە ساڵی 1367ی هەتاویش بە تەمای تالان کردنی سەرمایەکانی میللی خەڵکی گرفتاری ئێران چراغی سەوزی کوشتار و وەحشیگەری دژی خەڵکی ئێران نیشانی ڕێژیمی خوێن مژی کۆماری ئیسلامی دان . و شەو پەرەستانی حاکیم بە سەر وڵاتی ئێران لە مەودای تەنیا مانگێک نێزیک بە 30000 زیندانی سیاسیان کە زۆربەیان زیندانی سیاسی موجاهید و فیدایی خەڵک بوون لە زیندانەکان بە شێوەکانی زۆر دڕندانە ئیعدام و کوشتار کرد .

**ئازادی بۆلای ئێمە**
**هەنگاو هەڵدەگرێ**
**لەو پەڕی کانیاوی خوێن**
**لەو پەڕی پەیکەرە**
**خوێناویەکان**
**لەو پەڕی زریانەکان**
**زریانەکانی یاخی بوو**

# بە یادی سەمەد ماموستای سووری ژیان !



9ی خەرمانان بەانبەرە لە گەڵ شەهەید بوونی سەمەد بهرەنگی ناوی ناسراوی بــــزووتــــــنـــــەوەی شۆڕشگێرانەی ئێران . سەمەد سیمایێکی ناسراو و هەمیشەئیە لە مــێــژووی خــەبــاتــی شۆڕشگێرانەی نوێ خەڵکی وڵاتی ئێمە . ئەو نە تەنیا ماموستا و نووسەری شۆڕشگێر بوو ,بەڵکو سمبول و ئولگوی شۆڕشگێرانی وڵاتی ئێمەیە . سەمەد ئوستورەی راستەقینە و ئاوینەی تەواو نەمای کۆمۆنیستێکی لە خۆ بردوو بوو . سەمەد دەبێ لە بیر و ژیانی خەباتگێرانە و نووسراوەکانی بناسین . ژیانی سەمەد لە گەڵ ئاراس دەستی پێ کرد لە بێدەنگی دەشتەکان بەرەو پێش چوو لە دۆڵەکان تێپەری , لە چیاکان بە سەرکەوت و لە گەڵ تاشەکان شەری کرد و لە پێچ و خەمەکان تێپەر بوو و کوێرە رێیەکانی بریوە و وەک باو بوران سوورایەوە .ناوچە بە ناوچە گەڕا و لە ئاشنا و غەریبە پرسی , هەر ناکجا ئابادێکی ناسی و لە دوورترین گوندەکانی ئازەربایجان سەری هەڵێنا . لە دەورانی حاکم بوونی سیبەری رەشی دیکتاتوری دا سەمەد بووە مومێکی گیرساو , چووە هەر شوێنێک ئومیدی خستە دڵی خەڵکەوە . ماموستای سووری ژیان بوو و بە ناو ماموستای تێگەیشتووی شۆڕش لە لای مندالانی ئازەربایجانی وانەی فێر بوونی

کردەوە , بەڵام وانەی سەمەد نە لە چواچێوەی ژووری قوتابخانە , بەڵکو لە ئاستی ولات بوو کە قسەی سەمەد لەوێ دەنگی دەدایەوە .مەگەر سەمەد چی دەوت کە هەر کەسێک خەباتی دەس پێدەکرد لە ئەو دا دەستی پێدەکرد چی ی دەوت ؟ کە قسەکانی هەروا گەرم و گوڕ بوو . سەمەد کی بوو و چی ی کرد کە ئەندیشەکانی ئەو هێشتا هێشتایە لە مەتنی خەباتدا رەوانە .سەمەد رولەی زەحمەتکیشان بوو .لەگەڵ خەڵک و لە ناو خەڵک دا بوو . نموونەی پاکی و شەرافت , ئولگوی ئیمان و راستگویی بوو . ئەو نموونەی ئینسانێکی مارکسیست بوو . سەمەد هەر ئەوەی کە لە مارکسیزم فێر دەبوو لەگەڵ ژیانی خۆیدا تەتبیقی دەدا . کورەی بەتینی خەبات و سەختیەکان پتەوتری دەکرد و لە کارگەی تەجرووبەدا سەیقەلی دەدا . نووسراوەی سەمەد دەس مایەی ژیان و خەباتی ئەو بوو .سەمەد دەردو رەنجی کۆمەڵانی خەڵکی ناسی بوو . ژیانی ئەو لە گەڵ ژیانی خەڵک تێکەڵ بوو و نیشاندەری دەرد و رەنج لە لایکەوە و خەبات لە لایکی دیکە بوو . سەمەد بە تێگەیشتنی زۆر لە گۆڕانکاری بنیاتەکانی کۆمەڵایەتی , نووسراوەکانی بۆ

شت وتن و تەنها بەیانی بیروبۆچوونی خۆی پێشکەش نەدەکرد. سەمەد لە هەموو نووسراوەکانی قسەی لە حەرەکەت و گۆڕانکاری , دروست کردن , گورینەوە و گۆڕان بە زمانێکی ساکار فێری ئێمە دەکرد . هەر بۆیە نووسراوەکانی سەمەد نە بۆ سەرگەرمی بەڵکو بۆ شۆڕش بوو و هەیە . لە چیرۆکی دەریا و ماسی رەشی بچکولە سمبولی قارەمانی و بوێری و ئیرادە و بە هەلویست بوون و بەرخۆدان لە قالبی ئارمانخوازی شۆڕشگێرانە بە نمایش دانا ز بە سەرنجدان بە ئەودا دەتوانین سێ تێبینی لە بیروبۆچوونەکانی پتەوی سەمەد بدۆزینەوە لە پشکنین لە بابەتەکانی پەروەردەیی سیستەمی فێر کردن و تایبەتمەندیەکانی فەرهەنگی رزیوی ئیستعماری رەخنەی لە دەسکەوتی ئیمپریالیستەکانی دەگرت و وینەیەک لە فێر کردنی نوێ و فەرهەنگی پێشکەوتوو و پەرە ئەستێنەری نیشان دا. سەمەد نووسراوەی زۆر بە نرخی خلق کرد بەڵام گرێنگترین نووسراوەی ئەو ژیانی ئەو بوو . سەمەد عاشقی خەڵک بوو لە وان فێر دەبوو و فێر ئەوانی دەکرد . ئەو نە لە خۆیدا و بۆ خۆی بەڵکو لە خەڵک و بۆ خەڵک بوو .لە هەست و ئومید و ئارەزوەکانی خەڵک قسەی دەکرد و بۆ ئەوانی دەنووسی ,بە سەر رووداواکانی دەروبەری هەروا سادە و ساکار نەدەروانی و بەنیسبەت دەوروبەریەکانی خۆیدا بێ هەلویست نەبوو . هەرواکە دەیوت : ژیان یا مردنی من گرێنگ نیە , گرێنگ ئەمەیە کە ژیان یا مردنی من چ تەعسیرێکی لە سەر کەسانی دیکە هەبێ .هاوڕێ سەمەد بهرەنگی , ماموستای شۆڕشگێر , رولەی گەل و ژیانی خۆی تەرخانی شۆڕش و رزگاری کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێشی ولاتەکەمان کرد ز لە کۆتایی دا

ئاراس سەمەد بردە دڵی خویەوە .سەمەد بوو بە ئەستێرە و هەتا هەتایە ئەدروشێتەوە . سەمەد هەتا هەتایی بوو . ئاراس سەمەدی بردە ناو دڵی حوێ و دڵی سەمەد بهرەنگی ماموستای شۆرشگێر , نووسەر و یەکێک لە بناغەدانیەرانی ئەدەبیاتی پەرەئەستێنەر لە ئێران لە ناو رووباری ئاراس لە لێدان راوەستا .مەرگی دڵتەزینی سەمەد , لەگەڵ خوێدا خەڵکی گوند و شارەکان , روشنبیران و هونەرمندانی شۆرشگێر و مندالانی پێ پەتی و هەژاری داخدار کرد . بەلاّم ئاگری بیرو بۆچوونەکانی ئەو لە دڵ و گیانی رەنجدەران بلیسەی کرد و جەوانەکانی ئومید بە ژیانی راستەقینە لە دونیای نوێ رزگاری مرۆڤـــــ کە ژیان و مەرگی سەمەد موژدە بەخشی ئەو بوو باروەر کردەوە . بەشێوەێک کە سەمەد لە دل و گیانی ملیونەها ئینسان و نەسڵ بە نەسڵ ریشەی کرد و رەوان بوو ز سەمەد کە هێزی کار و کۆششی ماندوو نەناسانەی لە مەتنی ژیانی راستەقینە وەر دەگرت لەم بارەوەر دا بوو کە بۆ گۆرانکاری و ئاڵوگۆری کۆمەلاّیەتی دەبێ ئەنگیزەکانی ئینسانی پێشرەوەی زەمان لە گەڵ راستیەکانی ژیان تێکەڵ بێت و لە مەتنی ئەودا لە گەڵ کۆمەڵگا دا پەیوەند پەیدا بکات ز هەر بۆیە ئەو بە وجویێک سەرشار لە جەوهەری شەهامەت و ڵە خۆ بردوویی هەورەکانی مەوهوم و لە خۆ بێ خۆکەری فەرهەنگی پێش پێ کەوتوو و هاوردەی حاکیم بە سەر کۆمەڵگای دراند و بە رۆڵ گیرانی چالاک و تێروانینی قوول و بنەرەتی بە نیسبەت بنیاتەکانی کۆمەڵگا و دژایەتیەکانی ئەو هەموو هەوڵ و کۆششی لە ژیانی کورت بەلاّم پڕ لە دەسکەوتی بەکار هێنا تاکو هەست و کینەی چینایەتی لە ناو توێژەکانی بێ بەشی کۆمەڵگا لە منداڵ و پیر و لاو بزوینێت و بە تێگەیشتنی ئەرزشەکانی راستەقینە « چۆن بوون » فێری ئەوان بکات .

**ئایا ناکرێ بڵێنە منداڵ کە لە وڵاتی تو مندالانی هەن کە رەنگی گۆشت و تەنانەت پەنیر بۆ مانگ بە مانگ و ساڵ بە ساڵ نابینن ؟ لە بەر ئەوەی کە ژمارەێکی کەم ئەیانەوێ هەموو کات (( غازی سور کراو لە ناو شەراب )) لە سەر سفرەیاندا بێت .**

**ئایا ناکرێ منداڵ ببێتە خاوەن تێگەیشتنی زانستی و راستەقینە لە بارەی مێژوو و گۆرانکاری و بۆژانەوە و پەرەساندنی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی ؟**

**ئایا نکرێ بڵێنە منداڵ کە زیاتر لە نیوەی خەڵکی جیهان برسین و بۆ چی برسین و رێگای لە ناو بردنی برسیەتی چیە ؟ مەگەر ئەمانەوەێ مندالان لە پشت ویترینی دوکانەکانی لوکس و شیکی خەرازی فرۆشیەکانی سەرەوەی شارەکان دابنین و وەك بووکە شووشەکان ئەوان برازینینەوە؟**

**بۆ چی دەڵین درۆ وتن خراپە ؟**

**بۆ چی دەڵین دۆی خراپە ؟**

**بۆ چی دەڵین گوێرایەلی دایك و باوك باشە؟**

**بۆ چی ریشە و هۆکارەکانی پەرەساندن و باو بوونی و گەشە کردنی درۆ وتن و دزی بۆ منداڵەکان شی ناکەینەوە ؟**

# چ ئامانجێک و بۆچی ؟

ئێمە پێشتریش گۆتومانە کە ئامانجی ئێمە , دامەزراندنی حیزبی کرێکارانی ئێرانە . دەبێ هەموو هەوڵەکانی خۆمان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە وەگەر بخەین . ئێمە هەنگاوی زۆرمان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە هەڵگرتووە , ئێستایش بە ئاشکرایی دەڵێن کە بە بێ هەوڵ و تێکۆشان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە هیچ جۆرە ئەرکێکی تایبەتی بۆ هەر کام لە ڕەوتەکانی مەبەستی ئێمە چاوەروان ناکەین . بەڵام ئایا ئەمە بەم مانایەیە کە تاکو گەیشتن بە ئاوا حیزبێک و بە بێ وەدی هاتنی ئەو لە ماوەیکی کورت , ئێمە وەک تەشکیلاتێک , هیچ ئەرکێکیترمان نیە ؟ بە شێوەیکی حەتمی وەڵامەکە نەیە . بە پێچەوانە , ئەم ئامکانجە تەنیا کاتێک لایەنی بەکردەوە بە خۆوە دەگرێ کە ئێمە بە راستی وەک یەکێک لە پایەکانی ئاوا حیزبێک لە ئەرکەکانی خۆمان تێ بگەین و بە هوشیاری و سوور بوون لە هەر ئەمرۆوە بۆ ئامانجەکانی ئاوا حیزبێک هەنگاو هەڵگرین .ئەمرۆکە ئەم راستیە لە هیچ کەسێک شاراوە نیە کە نە تەنیا رێکخراوی ئێمە بەڵکو تەواوەتی بزووتنەوەی چەپی پێک هاتووی ئێمە , بە گشتیدا بزووتنەوەیکی دەرەوەی ولاتە . ئێستا زۆر دەمێکە کە نە تەنیا ئێمە , بەڵکو بە شێوەیکی ئەساسی هەموو رێکخراوەکانی سیاسی , نە ڕەوتی پەرەساندن بەڵکو ڕەوتی فەرسایشی ناوخۆیی تێپەر دەکەن . واز هێنان لە کار و چالاکی , بێ ئامانج بوون , بە شێوەیکی فراوان پەرەی گرتووە . دوور گرتن لە تەشکیلات بووەتە جۆرەیکی لە شەخسیەت .

بەشێک لەم مەسەلەیە دەگەرێتەوە بۆ پاشەکشەی بزووتنەوەی ئێمە , ڕاوەستانی کاتی بزووتنەوەی خەڵکی و بێ هێزی ئەو لە بەرانبەر سەرکوتی رێژیم . بەڵام بەشێکی تر لەویش دەگەرێتەوە بۆ مەسەڵەی کردەوەکانی ناوخۆیی بزووتنەوەی ئێمە , جیابوونەوەکانی یەک لە دوای یەک , نالەباری سیاسی _ ئایدولۆژیک و تەشکیلاتی ئەو .گۆرینی بەردەوامی رێکخراوەکانی تا ڕادەیێک بە هێز و خەڵکی بە رێکخراوەکانی بچووک و ورد وردی ئەمرۆکە , نە تەنیا ئومێد بە داهاتووی باشتر _ هەتا بۆ ئەندامانی هەڵسووراوی ئەم رێکخراوانە _ بەڵکو پەرە ئەداتە نائومێدی زۆرتر لە درێژەپێدان بە بارودۆخی ئێستا . بە تایبەت ئەمەی کە گورەپانی چالاکی ئێمە , هەر ڕۆژ بچۆک و بچۆکتر دەبێ و تەنیا بە بڵاوکردنی گۆڤار یا چەند ڕاگەیاندراو و ئاکسیونی لە دەرەوەی وڵات بەربەست دەبێ . ئەمانە هەموویان هیچ سەرنجی هێزەکان بۆ لای خۆیان ڕاناکێشن چ بگاتە ڕاکێشانی هێزەکانی تازە بەرەولای بزووتنەوە ! تەنیا هێزی یەکگرتووی ئێمەیە کە دەتوانێ و هەمیشە دەتوانێ , ڕەوتی بە پێچەوانەی ناوخۆیی ئێستای رێکخراوەکانی سیاسی ڕاوەستێنی , بەر بە دووری کردن لە تەشکیلات بگرێ و کۆمەڵەیێک پێک بێنێ کە بتوانێ لە ڕەوتی رووداوەکانی سیاسی ڕۆڵی کاریگەر بگێرێ .ئێمە وەک تەشکیلاتێک , دەبێ ماتوری ئاوا فیکریەتێک لە بزووتنەوەی ئێران بین و بە هەموو ئیمکانیاتی خۆمان لە بڵاوبوونەوەی ئاوا بیروبۆچوونێک و گۆرینی ئەو بە کردەوە تێ بکۆشین . لە یەکێتی بۆ کردەوە تاکو ساز کردنی تەنانەت گفتوگۆکانی گشتی لە گەڵ هەڵسووراوانی بزووتنەوە لە هەر رێکخراو لە گەڵ هەر فیکریەتێک , تاکو یەکێتیەکانی بەردەوام لە گەڵ هێزەکانی هاو ڕێگا , هێلەکانی بەردەم ڕێگای ئێمە پێک دێنێ . بۆیە ناوەرۆکی چالاکی ئێمە لەم کاتەدا , لایەندار کردنی چالاکیەکانی بە کردەوە و ئامانجدار کردنی ئەو بۆ زاڵ بوون بە سەر قەیرانی چەپ و یەکێتی لە ریزەکانی ئەوە . بەڵام قەیرانی چەپ بوارەکانی جیاوازی هەیە , و پێش لە هەموو شت قەیرانێکی پێکهاتی و ئایدولۆژیکە . چۆن دەتوانرێ لایەن گرتن لە کاری یەکگرتن لە گەڵ چارەسەری گرفتەکانی پێکهاتی و ئایدولۆژیکی چەپ پێکەوە گرێ دا ؟چەپ , ڕەوتێکی ڕاوەستاو نیە , تەشکیلاتی سیاسی , تەنیا لە ڕەوتی کردەوەی کۆمەڵایەتی بە هەر ڕادەیێک لە بەربەست بوونی ئەوە کە هەیە و کاری ئایدولۆژیکیش دەکات . تەنیا ئەنجامدانی کاری تیئوریک , نە تایبەتمەندی تەشکیلاتێکی سیاسی , بەڵکو تایبەتمەندی هەر دامەزراوێکی تەحقیقی و لەم دەستە دامەزراوانە . بۆیە لەم ڕوانگەیشە بیروبۆچوونێک کە بڕوای بە یەکەم چارەسەری قەیران و دوایی کردەوەیە , بە کردەوە سیاسەتی لە ناوچوونی چەپ لە هەموو بوارەکانی ئەوە . پراتیکی کۆمەڵایەتی روون و لەم زەمینەیەدا یەکێتی کردەوەی چەپ , تەنیا هێلیکە کە هێز , ئیمکانیات و توانای پێویست لەم کاتەدا بۆ چارەسەری گرفتەکانی چەپ دەتوانێ ئامادە بکات . لە لایەکیتر , کردەوەی بە جێ و ئامانجداری تەشکیلاتێک لە ناو بزووتنەوە , سنووری روونی لە گەڵ ئاکسیونیزم و کردەوە بۆ کردەوەی هەیە . ناوەرۆکی چالاکی ئێمە وەک تەشکیلاتێک دەبێ لە هەل و مەرجی ئێستادا بوونی زیندو و چالاک لە رووداوەکان و مەسەلەکانی ئێستای ڕۆژانە لە گەڵ چالاکی تیئوری لە بوارەکانی سیاسی و ئایدولۆژیک لە هێڵی ئامانجەکانی روون و دیاریکراو بێت . واتە : 1 _ کاری تیئوریک و سیاسی بۆ وەدی هاتنی چەپی یەکگرتوو , لە گەڵ فەرهەنگی روونی سیاسی و ئایدولۆژیک .

2 _ رێکخستن و بەشداری لە چالاکیەکانی بەکردەوە دژی کۆماری ئیسلامی , یەکێتی کردەوە لە سەر بتبەتەکانی پەیوەندیدار بە چارەنووسی خەڵکی ئێران .

3 _ دیفاع لە خەباتەکانی خەڵکی ئێران دژی حکومەتی کۆماری ئیسلامی و داخوازیەکانی ئەوان لە بەرانبەر ئەم رێژیمە , لایەندار کردنی ئەم خەباتانە بۆ رووخاندنی رێژیم و دامەزراندنی دیموکراسی .ئێمە وەک تەشکیلاتێک دەتوانین و دەبێ لە تێکۆشان بۆ ڕزگاری خەڵکی وڵاتەکەمان لە نەهامەتی کۆماری ئیسلامی , ڕۆڵی کاریگەری خۆمان بگیرین . بە بێ ئەوەی کە سەبارەت بە ئەرکەکان و سنووری کار و چالاکی خۆمان تووشی قسەی گەورە و بە دوور لە راستی بین . دەبێ لە گەڵ راستیەکان , وەک راستیەکان هەڵسوکەوت بکەین و بۆ گۆرینی ئەوان تێ بکۆشین و گۆرانکاری لە راستیەکانی ئەمرۆی چەپ , ئامانجێکی بچۆک لە گەیشتن بە ئامانجی ئومێد بەخشی داهاتوو نیە !



# 11ی سپتمبەر , بەڵگەی خیانەت و جنایەتی ئیمپریالیسمی ئەمریکا لە شیلی

ئەمرۆکەبەتایبەت لەرۆژی 11ی سپتمبەر لەراگەیێنەرە گشتیەکان تەنانەت یك ووشەلە بارەی نیولیبرالیزمی کەبەسەر شیلی داسەپاوەقسەو باس ناکرێ .ئەگەر چی ساڵەهای ساڵ هاوپشتی جیهانی لەگەڵ خەڵکی شیلی لەئاستێك بوو کەئەم هاوپشتیەخاڵی بەهێز بوونی بزووتنەوەی دژی دیکتاتوری لەشیلی دەژمێردرا . ئەمرۆکەبەڵام ووشەیێك لەبارەی دەسەلاتداریەتی وەحشیانەی رژیمی پینوشەشتێك نانووسرێ مەگەر لەهندێك لەگۆڤارەکان کە11ی سپتمبەر وەك ڕووداوێکی مێژوویی چاوی لێ دەکەن . بەڵام ئەمەبەس نیە. راگەیێنەرەکان هەوڵیان داوەرۆڵی ئاڵندەکەم رەنگ نیشان بدەن و بەپێچەوانەوانیشان بدەن کەئاڵندەخۆی داواکاری پشتیوانی خەڵك و کرێکارانی رەت کردووتەوەو تەنانەت لەراگەیێنەرەدواکەوتووەکان دژی ئەو پروپاگەندەیان دەکرد . پیویستەبلین کەئەم پروپاگەندانەدوور لەراستین و بەتەواوی بۆ لاواز کردنی جوولانەوەی خەڵکی بەدژی سیستەمەکانی دواکەوتوانەبوون . پێش لە11ی سپتمبەری 1973 چەندین مانگ و یاڵ پێش لەئەو و تەنانەت پاش ئەم رێکەوتەلەشیلی کرێکارانی تێگەیشتوو ، جووتیاران ، خوێندکاران هەموویان پشتیوانی خۆیان لەئاڵندەراگەیاندەبوون . لەم کاتەدا مانگرتنەکانی سەانسەری بەدژی تەرمی خسوسی کردن لەئارادا بوو و شەپولێکی گەورەلەکۆمەڵگا لەبەرنامەی سوسیالیستی ئاڵندەپشتیوانی دەکرد . پاش کودتایش لەبەر خاتری خەباتی بەردەوامی کۆمەلانی خەڵك و هێزەسیاسیەکان خەبات بەدژی رژیم درێژەی هەبوو و هەموو کەسێك بینی کەئەم خەباتەچەندەی قوربانی گرت . لەسالی 1974 حکومەتی سەرمایەبەرێبەری پینوشەمالکیەتی دەوڵەت بەسەر هەموو سەنعەتەکانی میللی لەناو برد . سەرمایەی دەرەوەبەکرینی ئەم سەنعەتەگرینگانەبەهەموو هیز و توانایەوەشیلی حەراج کرد . کانگاکانی مسی شیلی بەشێکەلەگەورەترین کانگاکانی مسی جیهان کەوتەدەستی کومپانیاکانی نێودەوڵەتی . خسوسی کردنی سەنعەتەکان لەم ساڵەدەستی پێکرد . دەبنەماڵەی گەورەچارەنووسی شیلیان دیاری دەکرد . بنەماڵەی ئانجلینی لەگەڵ بەدەستەوەگرتنی پتر لەسێ میلیارد دولار بەشێك گەورەلەسەنعەتەکانی مسیان کڕی و بنەماڵەی لارایم لەچوار ملیارد دولار و خەریکی تالان کردنی سەنعەتەکانی رەستن و چنین بوو . لەم ماوەدا رێژەی هەژاری لەناو کۆمەڵگا گەیشتە70% .

35% هەژاری تەواویان بەسەر کۆمەڵگا داسەپاند و زۆربەی کرێکاران بەهۆی بێکاری روویان هێنایەکارەکانی غەیری بەرهەم هینان . بیمەی دەرمانی ولات کەوتەدەستی کومپانیاکانی گەورەی ئیسپانیایی ، سعودی و ئەمریکای باکوور . ئاو ، سرووشت ، رووبارەکان ، دوورگەکان ، پردەکان ، سەنعەتەکانی پەروەردەکردنی ماسی ، سیستەمی پەروەردەو فێر کردن هەموویان بەتەواوی خسوسی کران و درانەدەستی کەرتی تایبەت.ئاڵندە رۆڵێکی گرێنگی هەبوو لەبەرابەری و یەکسانی کۆمەڵگا .رۆڵی ئەو لەسیستەمی پەروەردەو فێرکردن نموونەیە.کاتێك ئەو خوێندکاری کولیجی پزیشکی بوو هەوڵی دا تا پەرەبداتەبهداشتی گشتی . کودتا لەراستی دا هەوڵێك بوو بۆ لەناو بردنی هەموو دەسکەوتەکانی دەورانی حکومەتی ئاڵندە . هەروا کە لە ئوروپایش دە بینین ، ئەمرۆکەنیولیبرالیسم لەهەموو بوارەکانی کۆمەڵگا ، لەهەموو بەرەکان پەرە دەدەنە کێ بەرکێ ، کێ بەرکێ بۆ پلەو پایەی بەرزتر و مەوقەعیەتی باشتر کەئینسانەکان بۆ گەیشتن بەئەو و دابین کردنی پیداویستیەکانیان پێش یەکتر بکەون . هەرکەسێك دەبێ دوو یان سێ کار بکات تاکو بتوانی پیداویستیەکانی خۆی دابین بکات .لەباری روحی دا هەموو کەس فەرسوودە بوون . نیولیبرالیسم بەهێزیکی زۆرتر لەزەمانی دیکتاتوری درێژەبەژیانی خۆی دەدات . هەرچی کەهەبوو تالان کرا و شیلی حەراج کرا . ئاڵندە کاتێك بوو بەئالندەکەهێزەکانی سیاسی تازەدامەزرا بوون . لەکاتی لەدایك بوونی ئەو حیزبی کۆمۆنیستی شیلی دامەزرا . حیزبی سوسیالیست و حیزبەکانی تر . دوایی ، شۆرشی کوبا بووەزەمینەیێك بۆ گەشەکردنی جوولانەوەکانی سیاسی لەئەمریکای لاتین . شۆرشی کوبا وەك قارچك لەژیضر زەوی دەرنەهاتبوو ، بەڵکو حەرەکەتێکی سیاسی – کۆمەلایەتی بوو . ئاڵندە مارکسیست بوو و دەیوت کەمارکسیستەبەڵام خوی لینینیست نەدەزانی . ئەو لایەنگری کوبا بوو بەڵام مودیلی کوبای نەدەویست بەڵکو دەیوت شیلی لەبارودۆخێکی ترە و وەك کوبا موستعمەرەی ئەمریکا نەبووە. ئەو شۆرش و مودیلی کوبای رەت نەدەکرد و بەهەموو ئیمانی خۆی دەیوت شۆرشی کوبا موسبەتە. مودیلی ئاڵندەبۆ شیلی سوسیالیستی شیلی بوو .ئاڵندەچەندین جار چووەکوبا و هەروەها فیدلیش چووەشیلی و پەیوەندیەکانی دوو وڵات زۆر باش بوو . سالۆادور ئاڵندەلەوەفادار بوونی بەقسەی خۆی بۆ مردنی لەرێگای قازانجەکانی خەڵك سوور بوو. وەرەی بەرز ،لێهاتوویی ئەو لەرێکخستن ، بەرخۆدان ، قارەمانەتی و شەهامەتی ئەو شایانی ستایشە.لەسەر ئەم قارەیە، هیچ کات سەرۆك کۆمارێك ئەم کارەگەورەو شایانی ستایشەی نەکردووە. زۆر جار بزوتنەوەکانی رەوا و

بەر حەق لەلایەن هێزەکانی وەحشی سەرکوت کراون ، بەڵام هیچ کات ئەم هێزەوەحشیەبەم شیوەلەموقاوەمەتەلە لایەن ئینسانێکی فیداکار و خاوەن بیروبۆچوونی لەخزمەت کۆمەڵانی خەڵك قەراری نەگرتبوو . ساڵوادور ئاڵندە سومبولی وەقار ، گەورەیی شەرافەت ، ئەرزش ، قارەمانی و فیداکاری بوو . شتێك کە نیزامیەکانی فاشیست لەگەڵ ئەودا بێگانەبوون . ئاڵندە بەکردەوەی گەورە و بێ وێنەی خۆی بۆ هەمیشە و بۆ تەواوی مێژوو پینوشە و هاوکارانی ئەوێ ریسوا کرد . لەساڵی 1971 فییل کاسترۆ چەکێکی وەك دیاری دایە ساڵوادور ئاڵندە. چەکێك کەئەو لەرۆژی 11ی سپتمبەر 1973 شەری پێ کرد و ئازایانەلەرێگای ئارمانەکانی خەڵك کەوتەناو خوێنی خویدا . هیچ کات چەکێك بەم شێوە قارەمانانە و ئازایانەلەناو دەستەکانی سەرۆك کۆمارێکی یاسایی و هەلبژێردراوی خەڵك نەبووە. هیچ کات چەکێك بەم شێوە جوان و شیرینەلەقازانجەکانی هەژاران ، کرێکاران و جووتیارانی شیلیایی دیفاعی نەکردووە. و ئەگەر هەر کام لەکرێکاران و جووتیارانی شیلیایی وەك سەرۆك کۆمار ، چەکێکیان هەڵگرتبایە، ئاوا کودتائێك بەهیچ شێوەێك رووی نەدەدا .
ئەمەیەدەرسی مەزنی رووداوەکانی رابردووی شیلی ، دەرسێك گرێنگ و مێژوویی بۆ هەموو شۆرشگێران .
لەشیلی ئەمرۆدا بورژوازی لەناو ژنراڵەکان و ئەفسەرکان نفوزی کردووە. وەزعیەتی خەباتی کۆمەڵایەتی – سیاسی کەلەم کاتەدا لەشیلی لەجەریاندایە، خاڵی بەهێزی زۆری هەیەکەبەتەواوی پەیوەندی هەیەبەگۆرانکاریەکانی ناوچەکەو گۆرانکاری لەوڵاتانی دراوسێ ، بەتایبەت لەم کاتەدا بزووتنەوەی ژنان ، نارەزایەتیەکانی کرێکاری ، خوێندکاران و بزووتنەوەی گەرەکەکان و حەرەکاتی بێکاران بۆ بەدەس هێنانی داخوازیەکانیان ئەو حەرەکاتانەن کەلەمەودای مانگ و ساڵەکانی رابردوو بەرز بووەتەوە. ئەم بزووتنەوانەداهاتووی شیلی بۆ بەدەس هێنانی ئەو شتەی کودیتای پینوشەلەکۆمەڵگای شیلی زەوت کردەبوو ، دیاری دەکات .

**سوسیالیزم و کۆمۆنیزم ، نە بەرهەمی خەیاڵی مرۆڤ دوستانە بووە و نە واتای پەرستینە کە لە خەونەکانی ڕیفۆرم خوازانی کۆمەلایەتی و لە ئاواتە خاوەکانی مرۆڤانی بێ دەسەلات لە بەرانبەر ڕووداوەکان و کارەساتەکانی مێژوو و سرووشتی پەیدا بووبێت .**

**کۆمۆنیزم بەرهەمی کۆمەڵگای سەرمایەداری پێشکەوتوو و ئاکامی تێکەڵ چوونی دووچینی دژ بەیەکی کۆمەڵە ، چینی کرێکار و چینی سەرمایەدارە کە دوو چینی سەرەکی کۆمەڵگای سەرمایەداری سەردەم پێك دێنن.**

سازمان اتحاد فدائیان کمونیست
Iranian Fedaian Communist League

# به مناسبت بیست وسومین سالگرد قتل عام زندانیان سیاسی

بیست وسه سال از روزها ی خونین تابستان ۶۷ سپری میشود .روزهائی که ساعات، ثانیه ها و لحظات آن درزندانهای جمهوری اسلامی با مقاومت ها و حماسه های شگفت انگیز انسانهائی همراه بود که به خاطر آزادی ، عدالت ، سوسیالیسم و حفظ حرمت انسانی ابناء بشر برچوبه های دار و تیرباران بوسه میزدند . انسانهائی که مثل همه دارای همسر ، فرزند ، پدر، مادر ، خواهر وبرادر ودر و همسایه ودلباخته ودلداده بودند ، هزاران آرزو دردل داشتندو میخواستند زنده بمانند و از مواهب زندگی برخوردارگردند ،اماآنها زندگی دراسارت جهل وخرافات و بی عدالتی و سرکوب وفقر ومسکنت را برنمیتافتند. عاشق زندگی بودند و برای یک زندگی عاری از ستم واستثمار وزور و سرکوب به خیل اندیشمندان و مبارزین راه آزادی وسعادت پیوسته بودند تا انسان را از بند بربریت و توحش نظامات استثمارگر و سرکوبگر برهانند.

دربیست و سومین سالگرد قتل عام زندانیان سیاسی بیاد آوریم رفقائی را ،که درحالیکه قلب شان سرشار از عشق و علاقه به زندگی بود دار ودرفش عمال طبقه حاکم و نظام ارتجاعی اسلامی را به هیچ گرفتند و با هزاران عشق و آرزوسرافرازانه سر به پای آزادی نهادند.

دروصل عشق جانان

گرعاشقیست صادق

درروز تیرباران هرگزکه سرنخارد

امروزخاوران به وسعت ایران نام آشنائی است .افشاگر جنایات بی شمار جمهوری اسلامی و نمونه ای از گورهای دسته جمعی هزاران زندانی سیاسی وعقیدتی است که به فرمان دژخیم زمان بعد ازتحمل رنج وشکنج بسیار به به چوبه های دار وتیرباران سپرده شدند و سپس درگورهای دسته جمعی دزدانه دفن گردیدند. رژیم مدتها کوشید تا این جنایت را از افکارعمومی مخفی داردداما طولی نکشید که این جنایت هولناک توسط اقوام وبستگان زندانیان سیاسی کشف شد .طی این مدت رژیم بر آن بوده تا با دستگیری و زندان وشکنجه بستگان جانباختگان آنهارا به سکوت وادارند ومانع از افشاگری وتلاش آنها برای شکل دهی به یک دادخواهی عمومی علیه آمرین وعاملین این جنایت ها باشند . اما مقاومت وپایداری خانواده ها ودیگر انسانهای آزادیخواه و نیز تلاش سازمانهای سیاسی و جان بدربردگان ازکشتارهای دهه ۶۰ این ترفند ها و سیاست های رژیم وعوامل آن را نقش برآب کرد. امروز به همت خانواده ها و فعالین سوسیالیست و همه انسانهای آزادیخواه، مسئله قتل عام زندانیان سیاسی وکشتار دهه ۶۰ و دادخواهی و محاکمه آمرین وعاملین این کشتارهابه یک خواست سراسری ، ملی و جهانی درنزد افکارعمومی مترقی تبدیل شده است . رژیم جمهوری اسلامی وحامیان و عوامل ریز ودرشت آن باید پاسخگوی جنایات مرتکبه دردهه ۶۰ و تمام سالهای حاکمیت ارتجاعی ومستبدانه خود باشند. دراین راستا اولین وظیفه همه ما تشدید مبارزه برای رسیدن به خواست ها و مطالبات آزادیخواهانه و انسانی کسانی است که برای تحقق آنها درجامعه ما ایستادگی کرده وجان فدا کردند و درعین حال پشتیبانی ازاقداماتی است که جنبش دادخواهی خانواده ها و بستگان قتل عام شدگان دهه ۶۰ وسایر جانباختگان راه آزادی و سوسیالیسم را به نتیجه رسانده وسرانجام به یک جنبش آزادیخواهانه و عمومی برای سرنگونی رژیم جمهوری اسلامی و پایان دادن به سرکوب ،زندان ، شکنجه و اعدام فراروياند.

امروز وظیفه هر انسان آزادیخواهی است که از خواست ها و مطالبات خانواده ها و بستگان تمام زندانیان سیاسی و همه آنهائیکه طی سه دهه حاکمیت جمهوری اسلامی به خاطر مواضع سیاسی وطرز اندیشه واعتقادات خود و به خاطر مبارزه برای آزادی ، عدالت و سوسیالیسم دستگیر و زندانی و شکنجه و اعدام ویا مفقودالاثرشدند ، پشتیبانی کرده و با تشدید مبارزه برای سرنگونی رژیم حاکم و پاسخگو نمودن همه کسانی که دراین کشتارها و جنایت ها دست داشتند ،مرحمی بردلهای سوخته بستگان وبازماندگان این عزیزان نهاده و یاد وخاطره آنها را گرامی دارند.

سرنگون باد رژیم جمهوری اسلامی ایران

برقرارباد جمهوری فدراتیو شورائی ایران

زنده باد سوسیالیسم

سازمان اتحادفدائیان کمونیست

شهریور 1390


تازەترین ڕاگەیاندراوەکان لە سایتی ڕێکخراو وەرگرن:

www.fedayi.org

سایتی کار انلاین www.kare-online.org

پۆستی ئلکترۆنیك , کومیتەی کوردستان

Kurdistan@fedayi.org

پەیوەندیە گشتیەکانی ریکخراو :

webmaster@fedayi.org

FAX:+46317792571


**بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ,**

**دامەزرێ کۆماری فیدراتیوی شووڕایی !**